www.kurdistannet.org
28-9-2007 0:04بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

براو هاوڕێی زۆر خۆشەویستم کاک عوسمان حاجی مەحمود ... سلێمان عەبدوڵڵا یونس

slemanyunes@yahoo. co. uk

بەخەم و پەژارەیەکی ئێجگار قوڵەوە هەواڵی شەهیدکردنی کاکە عەلی سوری جوانەمەرگم بیست. دەزانم شەهید بوونی فەرماندەیەکی لێهاتووی وەک شەهید عەلی بۆ بەڕێزتان و هەموو پێشمەرگە دێرین و پارتیزانەکانی دوای ئەنفال و بۆ هەموو هەموو خەڵکی دەقەری زامداری گەرمیان و یەکێتی و کوردستانیش خەسارەت و کۆستێکی گەورەیە، دەزانم لەدەستچونی شەید عەلی تەنها لەدەستچونی پورزایەک نییە بۆ ئیوە بەڵکو کۆستی ناوادەی هەڤاڵێکی سەردەمانی پارتیزانی و سەبوری دوای شەهید بوونی شەهید حەمەڕەشە. دەزانم شەید بوونی کاکە عەلی جوانەمەرگ ئاوابوونی ئەستێرەیەکی دیکەی خەمی سەر ئاسمانی نادیاری سەدو هەشتاو دوو هەزار گوڵەگەنمی خوێناوی نێو هاڵاوی غەدری بیابابی عروبەو عەرعەرو نوگرەسەلمانە.

هاوڕێم، کاک عەلی ڕۆیشت و بیست و پێنج ساڵ پێشمەرگایەتی و جوامێری و بیست وپێنج ساڵ کورداییەتی بۆ جێهیشتین. کاک عەلی ڕۆیشت و وەکوو نەریتی گەرمییانیەکانی دیکەی هاوڕێی کەشکۆلێک لەداستان و نەبەردی، خەرمانێک لە گیانبازی و بۆ جێهێشتین. کاک عەلی لەدوای خۆی خەمی دوازدە ئەستێرەی بزری کەسوکاری ئەنفالکراوی وەک حەکایەتێکی پڕ غەدری ئەم گەرمیانی نیشتیمانەی بۆ ئێمە کردە کەسەر. ئیوە خۆشبن ئەی هاوڕێی ترسناکترین جەولەکانی پارتیزانی دوای ئەنفال. ئێوە خۆشبن ئەی وەزیرە پێشمەرگە مێرخاسەکەی وەزارەتی ناوخۆ. ئەی پاکترین پیاوە گەرمیانیەکەی نێو یەکێتی. ئەی دەستی ئەمینی وڵات و سەری سەلامەتی هەرێم ئێوە خۆش.

گیانی کاک عەلی کوڕی تەنگانەی گەرمانی نێشتیمانی هەموان وەکوو گیانی حەمەڕەش شاد، وەکوو گیانی مامەڕیشە بۆ هەمیشە ئاسوودە. نەفرەتی هەموو نیشتیمانیش نەفرەتی هەموو شەهیدانیش لە ئێوە ئەی دەستی چەپەڵ و خیانەت و خۆخۆری!

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.